# وێنەکانی سەرۆك

محمد حسين
MIHAMAD_79@YAHOO.C OM

هەمومان ڕاهاتوین لەگەڵ ئەومۆدێلەی سەرۆکداکەهەموشوێنەگشتی وتایبەتیەکانی لێکردوین بەوێنەی خۆی . ئەوسەرۆکەی کەوازناهێنێت بەوەی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکان ویەکەم هەواڵی تەلەفزیۆن و ڕادیۆکانی داگیرکردووە ,یان هەرچی فەرمانگەحوکمی وشوێنەڕەسمیەکانی ولآت هەیە پڕی کردووە لەوێنەی خۆی و دەیەوێت بەگیرفانی خۆمان و بەنواندنی تامەزرۆییەکیشەوە بچین لەبازاڕوێنەکەی بکڕین وجوان هەڵیواسین . لەکتێبی(( توتندو تیژی بێدەنگی)) کەنعان مەکی باسی وێنەکانی سەدام ئەکات لەپۆلی خوێندنگە سەرەتاییەکانداو چۆن ویستویانە هەربەمنداڵی لەزاکیرەیخوێندکاراندابکرێتە وێنەیەکی چەسپاوومەئلوف , بەلآم ئەمڕۆوێنەکانی سەرۆك بۆمەرامی جیاجیاتەوزیف ئەکرێت و داهێنانی تازەی تیائەکرێت لەلایەن ئەوهەموسەرۆکەی ئەمڕۆگۆڕەپانی سیاسی عیراقیان گەرم کردووە .ئەمڕۆکەس نیەلەترساوێنەی ئەم سەرۆکانەبەرزکاتەوەو ڕای وەشێنێت,بەڵکو هەڵواسینی وێنەی سەرۆك بۆتە ئارەزویەك کەپێداویستیەکی ڕۆحی پێدابین ئەکرێت ,کەلێنێکی سایکۆلۆژی پێپڕئەکرێتەوە لەلایەن ئەوانەی واهەست ئەکەن گەرئەم شوانەبلیمەتەیان نەبێت ئەواژیانیان لەمەترسیدایە , دیارە نابێت ڕۆڵی ماسمیدیای حیزبی لەیاد کەین لەمپرۆسەی دروست کردنەی مەترسی وەهمی و بەفریادڕەسکردنیسەرۆك . ئەوخەڵکەداماوەی تادوێنێسەمایان ئەکردبەدەم بەرزکردنەوەی وێنەکانی سەدامەوە ئەمڕۆهەرئەوانەیشن خەریکی هەمان بەزمن بەدەوری وێنەی سەرۆکەتازەکاندا ,وەك ئەوەی قەدەریان بێت هەتامردن وەکو ورچ بەدەورئەم وێنانەدا هەڵقونکێ بکەن . ئێستاپیرۆزکردنی وێنەی سەرۆك وهەڵواسینی وبەرزکردنەوەی لەبۆنەگشتیەکاندا,بۆتەبەشێك لەکولتوری سیاسی عیراق وهەموو سەرکردە سیاسیەکانیش بەچێژێکەوەوێنەکانی خۆیان ئەبینن بەدەست جەماوەرەکەیانەوە ,ئەمەبەخەڵکی کوردستنان و سەرکردە سیاسیەکانیشیەوە . ئەموێنانە بەدەستی خەڵکانێکەوەکەتادوێنێ خۆیان قوربانی سەرۆکێکی وێنە دار بون دەلالەتە لەڕفتاری کەسایەتیەکی تێکشکاو لەبەردەم ستەمکاری و , سایکۆلۆژیایەکی تێکدراوکەبێسەرۆك هەرگیزخاوەنی ژیانی خۆی نیە . بونی ئەو وێنانەی لەبازاڕدا ئەفرۆشرێت وبەهەموشوێنەکانداهەڵئەواسرێت ئاماژەیە بۆکولتورێك کەدەبێت زۆرلێیبترسین لەوەی سەدامێکی ترمان لەبەرگێکی نوێدا بۆزیندوو بکاتەوە ,چونکە هەرئەم عەقڵیەتەبوو بەچەپڵەلێدانەکەی بەهوتاف کێشانەکەی ,بەتازەکردنەوەی بەیعەتەکان . ...هتد سەدامی دروست کرد . کاتێك سەرۆك پیرۆز دەکرێت ,وێنەجوانەکانی لەچوارچێوەی ڕەنگاوڕەنگ وجواندا دەفرۆشرێت . ئیتر هیچ بوارێك نامێنێتەوەبۆئەوەی ڕۆژێك لەرۆرژان پرسیارو گومان لەڕاستی قسەوکردەوەکانی بکرێت ,واسەیری بکەین تەنها بەرپرسێکەبۆکاتێکی دیاری کراوو دەبێت لێشی بپرسرێتەوەبەرامبەرهەموو کێشەیەکی هەنوکەی کۆمەڵگا , بێگومانم لەپشتی ئەوکولتورەی چەپڵەلێدان وهوتافکێشانەوەهەمیشە هاوشێوەکانی سەدام وهیتلەرو ستالین وەستاوە,هەرئەم عەقڵە مێگەل جەماوەریەیەبەبێکاریزما ناتوانێت بژی , بەبێسەرکردەیەك کەلەیەککاتدا سەرکردەی گەل وشۆڕش و حکومەت و دەوڵەت و پەرلەمان و حیزب و...هەموشتەکانی تریش بێت هەست بەهەتیوی ئەکات . ئایاهەرئەم جەماوەرەچەپڵەلێدەرەنیە کەعیراق و گشت ولآتانی دنیایی سێەمیشی کردۆتە مەکینەی بەرهەمهێنانی دیکتاتۆریەت ,گەربەراوردێك بکەین لەنێوان ئەومیلەتانەی چەپڵەبۆسەرۆك لێئەدەن وئەومیلەتانەش لەوردوو درشتی سەرۆکەکانیان ئەپرسنەوە ولەهەربەکارهێنانێکی خراپی بۆدەسلآت ڕایدەکێشنەبەردەم دادگا ,ئەوەبەڕونی بەراوردی نێوان نمونەیەکی تابینا قاقاغەرق بوولەدیکتاتۆریەت ونمونەلیبرالیەکەی دیموکراسیەت ئەبینینەوە .

ئەوانەی ئەمڕۆبۆبەرژەوەندی تایبەتی خۆیان و حەماسەتی سەرۆك پەرستی پاڵیان ئەنێت بۆ چەپڵە لێدان بۆسەرۆك و لەبۆنەگشتی و تایبەتیە کاندا وێنەکانی بائەدەن ,بیانەوێت یان نا ڕاستەوخۆبەشداری لەبەهێزکردن و چەسپاندنی پایەکانی دیکتاتۆریەتدا ئەکەن ,بەشداری ئەکەن لەفراوان کردنی کەلێنی نیوان سەرکردایەتی سیاسی و جەماوەرەکەیدا کەلەهەردۆخێکی ئاسایدا ژمارەی دەنگەکانی ئەوان دیاری ئەکات کێسەرۆك بێت و کێ حەقی ئەوەی هەیە خۆی بەسەرۆك بزانێت,نەك وەك ئەودۆخەی ئیستا یعیراق کەهەرکەسەوئەیەوێت فەوزایەك دروست بکات بەسبۆئەوەی خۆی سەرۆکی خاوەنی وێنەی زۆری بازاڕبێت ,خۆی سۆپەرستاری دەزگاکانی ڕاگەیاندن بێت . دیارەبۆئەوەی هاولاتیەکی دەوڵەتی مۆدێرن بین نەك ڕەعیەتیسەرۆکێك بەعەقڵیەتی سەدەناوەندیەکانەوە ئەبێت کۆمەڵگاو دەزگاشەرعیەکانی بەڕێزبێت لامان ,دۆزەچارەنوسسازەکەی جێی گرنگی پێدانمان بێت ,نەك کاریزمایەك هەمیشەچاوی لەوەوە بێت چۆن وێنەکانی شەقام وکۆلانەکان پڕئەکاتەوەوچۆن جەماوەرەکەی چەپڵەی بۆلێئەدات , ئەمانە چاوەڕێی هیچی باشتریان لێناکرێت لەوەی لەڕابردوداکردویانە , تەنهالەوەدا زیرەکن پێت بڵێن ((بینیتەئێمەچۆنین وسەدامی خوێن مژیش چۆن بوو ,دەبێت سوپاسی خودابکەیت کەئێمەوەکو سەدام خوێن ڕێژ نین )) سەرۆکێك بەم عەقڵیەتەوە وبەرهەمهێنراوی ئەم جەماوەرەبێت بێگومانم گەر هەمووسیفەتەکانی غاندیشی تیابێت هەردەبێتە دیکتاتۆر . چونکە لەعیراق وکوردستانیشدا دەزگایەکی وامان نیە بتوانێت کۆمەڵگا لەسەرەڕۆییە ئەم سەرۆکانە بپاریزێت وئەمان نەتوانن بەپیاوەکانیان داگیری بکەن , شوێنێك نیە بتوانێت سنورێك بۆدەسلاتیپیرۆزی سەرۆك دابنێت .بۆیەلێرەوە دەبێت هەست بەومەترسیانەبکەین کەبونی عەقڵیەتێکی وابۆسەرکردایەتی کردن لەناو کایەی سیاسەت کردنو ولات بەڕێوەبردن هەمیشە مەترسی گەورەی لەگەڵخۆیدا هەڵگرتووە .